# دوا هەواڵەکانی هێرشی تورکیایەکشەممەو دووشەممە

غازی حەسەن/ئەمەریکا

لێرەدا هەوڵدەدەین هەواڵی هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیا لەدوو رۆژی یەکشەممەو دووشەممە تۆمار بکەین کە لەرۆژنامە جیهانییەکان وهەواڵدەرە کوردییەکان بڵاوکراونەتەوەو ...

لێرەدا هەوڵدەدەین هەواڵی هێرشی سوپای داگیرکەری تورکیا لەدوو رۆژی یەکشەممەو دووشەممە تۆمار بکەین کە لەرۆژنامە جیهانییەکان وهەواڵدەرە کوردییەکان بڵاوکراونەتەوەو لەتەک رووداوەکانی ناوچەکانی شەر لەکوردستاندا، هەڵوێستی ناوەندو پایەتەخت بڕیاربە دەستەکانی دونیاش باس دەکەین. راستە لەبەر زۆری رووداوەکان و لێکچوونی بەشێکی زۆریان لەناوەرۆک وزانیارییەکان هەوڵدەدەین تەنیا ئاماژە بەسەردێری هەندێک لەرۆژنامەو دەنگوباسەکانی ئێرەو ئەوێ بکەین. بەتایبەتی تێبینی ئەوەم کردووە زۆربەی هەواڵ و زانیارییەکان لە رۆژنامە ئەمەریکییەکان بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە ئینجا ئەوانی تر لێ وەردەگرن. بۆ نمونە رۆژنامەی نیۆرک تایمز لەسەرلەبەیانی یەکشەممە نوێترین هەواڵی بلاوکردوە، کەنووسیبووی ئەم هەواڵە تەنیا چەند دەقیقەیەک پێش ئێستا بلاوکراوەتەوە. واتە رووداوە گەرمەکانی پەلاماری سەربازی وهێرشە هەمەلایەنەکەی تورکیا جێگەی بایەخی دەزگاکانی راگەیاندنە. سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆری هەواڵەکان لە سەرچاوە سوپاییەکانی تورکیا وەرگیراون ووێنەکان لەرێگەی سوپای تورکیا بلاوکراونەتەوە، بۆ ئەوەی نیشانی بدەن دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لەروی دەروونییەوە ئارام و بەهێزن لەشەرو روبەروبوونەکانیشدا سەرکەوتوون. بۆ بەرچاوی خوێنەر من بە باشی دەزانم ئەگەر هەندێکیان دروۆش بن لێرەدا بەپێی توانا تۆمار یا ئاماژەیان پێدەکەم... هەرچەندە رۆژنامەکانی کوردستان وەکو (هەواڵ... تە نیا هەواڵیش نەیانتوانیوە یاخود نایانەوێت.. یا ناتوانن ) مامەلە دەگەل ئەم رووداوە گەورەو مەترسیدارە بکەن .

نیۆرک تایمز- یەکشەممە2-24

نیۆرک تایمز لەسەر لەبەیانی یەکشەمە بڵاوی کردەوە کە سوپای تورکی گوتیەی هەشت سەربازی تورک کوژراوە و پەککەکەش گوتیەتی 15 سەرباز کوژراون. لەهەمان کاتیشدا سوپای تورکی دانی بە خراپبوونی فرۆکەیەکی کۆپتەر ناوەو یاخیبووەکانی کوردیش گوتویانە ئێمە فرۆکەیەکی سوپای تورکمان بەرداوەتەوە لەنزیک سنوری تورکیا .

یو ئێس ئەی تودەی

بەهەمان شێوەش رۆژنامەی بەنێوبانگی ئەمەریکی یو ئێس ئەی تودەی لەهەواڵێکدا وەها سەردێری نوسیوە: کۆپتەرێکی تورکی لە عێراق کەوتە خوارەوە. لەبەشێکی هەواڵەکەیاندا بلاویان کردۆتەوە بەپێی سەرجاوەکانی سوپای تورکی کە کۆپتەرێکی تورکی کەوتەخوارەوە لەناو عێراقداو 8 سەربازیش لە پەرینەوەیان بۆ ناو عێراق لەکاتی هێرش بۆسەر کوردە یاخییەکان کوژراون . گەریلاکانیش گوتویانە ئەوان هەلیکۆپتەرێکی سەربازی تورکیان لە نزیک سنوری عێراق -ئێران کەواندووە. هەروەها رۆژی یەکشەممە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەدا 33 یاخیبوو کوژران ، بەپێی سەرچاوەی هێزەکانی تورکیا ژمارەی کوژراوەکانی یاخیبووەکان گەیشتۆتە 112 .

لە درێژەی ریپۆرتاژەکەیاندا ئاماژە بە هەلایسانی شەری چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ حوکمی خۆ بەرێوەبردن لە رۆژهەلاتی تورکیا دەکات و لەهەمان کاتیشدا باس لە قسەکانی رەجەب تەیب دەکات کەیەکشەممە لە قسەکردنی بۆ لقی گەنجانی پارتەکەی گوتویەتی هەموو عێراقییەک براو دۆست وهاووڵاتیان بابزانن کەبەهیچ شێوەیەک هێزەکانمان توخونیان ناکەون. لەتەک باسکردنی قسەکانی گێتس لە ئوستراليا، باس لە هەلوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی دەکات کە باس لە روبەروبوونەوەی سەرتاسەری دەکات لەکاتی ئازاردانی هاووڵاتیان. . حکومەتی عێراقیش رۆژی شەممە گوتیەتی کەمتر لە 1000 سەربازی تورکی سنوریان بەزاندووە، میدیای تورکیش ژمارەکەی بەهەزاران داناوە .

## واشنتن پۆست

نوسیویەتی کۆپتەرێکی تورک کەوتەخوارەوە .

## زمانی تورکی

ئەمرۆ دوشەممە رۆژنامەی زەمانی تورکی گوتیەتی بەپێی سەرچاوەکانی هەوالی سوپای تورکی بنکەیەکی پەناگەی پەکەکە لە باکوری تێکوپێک درا. لەتەک ئەم ناونیشانەی سەرەوە رۆژنامەکە وەها گوتیەتی بەپێی پلانی شەر 42 پەناگە و 6 ئەشکەوت و 15 بنکەی لەگەل 7 سەربازگەی راهێنان تێکدراون لەگەل چەند بنکەیەکی خۆشاردنەوەی پەکەکە لە رۆژی دووشەممەدا .بەپێی بەشێکی ریپۆرتاژەکەی زەمان کەسەرچاوەکەی سوپای تورکیایە گوتیەتی لە ئاڤاشین وخواکورک لەباکوری عێراق فرۆکە 70 بنکەی خاپورکردوون. هەروەها گوتیەتی ولاتە یەکگرتووەکان ئاسانکاری لەباری ئاسمانی و پیشاندانی ناوچەکان بۆ فرۆکەکانی تورکیا دەکات .

هەمان رۆژنامە بلاوی کردۆتەوە کە سەرەک وەزیرانی کورد داوای لە سەرۆک بۆش کردووە یارمەتی وەستانی هێرشەکانی تورکیا لە باکوری عێراق بدات.و داوای دایۆلۆگی لەگەل پایتەختی تورکیا کردووە. بەهەمان شێوە باسی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان مەسعود بارزانی و جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکای دەرهەقی روداوەکانی ئێستای هێرشەکانی تورکیا کردووە.لەلایەکی تردا ریپۆرتاژەکە ئاماژە بە قسەی پێشمەرگەیەک لە زاخۆ دەکات کە چەکی بەشانەوە بووەو گوتیەتی ئێمە دەبێت شەری هێزی تورکیا بکەین ، ئەگەر زۆر بمێننەوە .

## ئەلشەرق ئەلئەوسەت

دووشەممە 25–2

رۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی لەندەنی بەمجۆرە لە چەند ناونیشانێک باسی هەوالەکانی کردووە. یاخیبووە کوردەکان دەلێن فرۆکەیەکی کۆپتەری تورکیان خستووە. لە لایەکی تر نووسیویەتی بەغدا داوای لەئەنقەرە کردووە هێزەکانی بکێشێتەوە لەدرێژەی ئەم هەوالەدا هاتووە کە دوای هەلایسانی روبەروبوونەوەی نوێ لەنێوان سوپای تورکی و شەرکەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی قەدەغەکراو لە ناوچە شاخاوییەکانی عێراق کەهەلکەوتووی سنورەکانی تورکیان، حکومەتی عێراقی داوای لەتورکیا کردووە هێزەکانی لە باکوری ولاّت (بەزوترین کات) بکێشێتەوە. ئەم داوایەش دوای چەند سەعاتێک لەرەخنەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هات کە لە حکومەتی بەغدای گرتبوو گوتبووی :کاردانەوەی دژی هێرشەکانی تورکیا شەرمەزارانەیە. سەربارى ئاماژە پێکردنی قسەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وهەلوێستی بارزانی لە روداوەکان .ریپۆتیاژەکە گوتیەتی :

پارتی کرێکارانی کوردستان دوێنێ رەخنەی لە سەرۆکی عێراق جەلال تالەبانی و ولاّتە یەکگرتووەکان گرتووە کە پالپشتی هێرشە سەربازییەکانی تورکیان. باهۆز ئەردال سەرۆکی بالی سەربازی پەکەکە گوتویەتی ولاّتە یەکگرتووەکان هەر بەتەنیا هاوکاری تورکان ناکات ، بەلکە بەشێکی کردەوە سەربازییەکانیش جێبەجێ دەکات.. ئینجا گوتیەتی فرۆکەکانی چاودێری ئەمەریکی لە ئاسمانی ناوچەکە دەخولێنەوەو زانیاری زۆر دەربارەی شوێنی هێزەکانمان دەداتە سوپای تورکی. دوای ئەوە فرۆکەی تورکی ناوچەکە ئاگرباران دەکەن. ئەردال گوتیەتی بەرای ئێمە رەوشتی جەلال تالەبانی لەم هێرشەدا زۆر زۆر مەترسیدارە .زانیاری ئەوەمان لەبەردەستە کە داوای لە سوپای تورکیا کردووە بێنە چیای قەندیل. لەهەمان کاتدا فوئاد مەعسوم گوتیەتی: ئەم قسانە نابەرپرسانەن و سادەن.. و گوتیەتی چۆن دەبێت سەرۆک کۆمار داوای هاتنی هێزی دەولەتێکی تر بۆ سەر خاکی ولاّتەکەی وگەلەکەی بکات، ئەم قسەیە شتێکی نامەعقولە .

سەربارى ئاماژە کردن بە قسەکانی روبرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا، کە هەفتەی هاتوو سەردانی تورکیا دەکات

گوتیەتی: ئەوان ڕەزامەندن لەسەر هێرشەکان، بەلام ئومێد دەکات کارەکە کورت و دیاریکراوو خۆ پارێز بێت لە زیانی گیانی بێگوناهان سەربازانی تورک دەمودەست دوای ئەنجامدانی کارەکانیان بگەڕێنەوە .

لە ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەوسەت دا بلاوکراوەتەوە کە وێنەگرێکی ڕۆژنامەکەیان کەنەیویستوە ناوی ئاشکرا بکرێت گوتیەتی شەوی پێشو چوتە قەندیل وتەواوی شەوەکە لەیەکێک بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بووەو گوتیەتی خۆراک وپێوسیتییەکانی تر بە دەستی شەرکەرەکان دەگات لەرێگای قاچاخ و رێگە سەختەکان کە دوورن لەژێر کۆنترۆلی حکومەتی ناوچەکە .وێنەگرەکە کەتەمەنی 24 سالە گوتیەتی بنکەی راگەیاندنی حیزبەکە لە ئەشکەوتێکە لەناوچەیەکی سەخت وعاسی، نزیکەی سەد کادر کاری تێدادەکەن بۆ ئامادەکردنی راپۆرتە هەوال وبلاوکراوەو بەلاغی سەربازی .

## ئەلحەیات

ڕۆژنامەی ئەلحەیاتیش ئەمرۆ دووشەممە گوتیەتی : ئەردۆغان نونێرێک دەنێرێتە بەغداو تالەبانیش لەم نزیکانە دەچێتە ئەنقەرە بۆ پێشنیارکردنی چارەسەری مەسەلەی کورد... سەرباری جیاوازی لەزانیاری دەربارەی ژمارەی کوژراوەکان دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ باکوری عێراق.

ڕۆژنامەکە گوتیەتی سەرۆکی عێراق لەچەند رۆژی هاتوو دەچێتە ئەنقەرە بۆ باسکردنی) چارەسەری ئاشتی( مەسەلەی کورد لەگەل بەرپرسە تورکەکان. سەرباری نەزانینی ناوەرۆکی نامەکەی ئۆردوغان کە بۆ بەغدای ناردووە. ڕۆژنامەکە لەسەر زاری گیتس گوتیەتی داوای کۆتایی پێهێنانی هێرشی تورکیا دەکەم لە نزیکترین کاتی لەبارو ئینجا گوتیەتی کاری سەربازی چارەسەری کێشەکانی تورکیا لەگەل پارتی کرێکارانی کوردستان ناکات .

ئەلحەیات گوتیەتی کورد داوایان لەحکومەتی ناوەندی کردووە بە بەرپرسێتی خۆت رابێت. سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەلوێستی حکومەتی بەغدای (بە شەرمەزار) داناوە .

## قەبەس

2–25رۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی بلاوی کردۆتەوە: دابەزینی سەرباز لەسەر سەربازگەیەکی کوردستانی وروبەروبوونەوە فراوان دەبێت.. شەر لە 15 ناوچەی باکوری عێراق... فرۆکەیەکی تورکی دەکەوێت .

لەدرێژەی هەوالەکەدا (خەبەر نوز) بلاوی کردۆتەوە کەژمارەی کوژراوەکانی بەرزبۆتەوە بۆ سەد، ئینجا گوتیەتی ناسنامەی هێزی پێسمەرگەو پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لە نێو جلکی کوژراوەکان دۆزراوەتەوە. هەمان سەرچاوە گوتیەتی لە 7 ناوچەی نزیک سەربازگەیەکی (کوردستانی) شەر بە توندی بەرێوە چووە لەگەل دابەزینی سەربازی لەنێو سەربازگەکە بۆ ئەوەی بەخێرایی کۆتایی بە روبەروبوونەوەکە بهێنرێت. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە بۆ رێگەگرتن لەپەرینەوەی کوردەکان بۆ ناو خاکی تورکیا بەتوندی چاوەدێری ناوچەکانی هەکاری وشرناخ دەکەن. ریپۆرتاژەکە ئاماژەی بە تاوانبارکردنی فرۆکەکانی ئەمەریکاو هێزەکانی تالەبانی کردووە لەلایەن ( کوردستانی ).

## ئەلوەتەن

بەهەمان شێوە ڕۆژنامەی ئەلوەتەنی کوێتیش ئەمرۆ دووشەممە ئاماژەی بەبەردەوام بوونی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ ناو باکوری عێراق دژی پارتی کرێکارانی کوردستان کردووە .

## ئەلئەهرام

ڕۆژنامەی ئەلئەهرامیش رۆژی دوشەممە 25–2 لەلاپەرە یەکدا ئەم سەردێرەی هەیە: شەری توند لەنێوان سوپای تورک وپاخیبووە کوردەکان لە 15 ناوچە لە باکوری عێراق هەیە. تورکیا کوژرانی 100 جوداخوازی کوردی

راگەیاند ...هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستانیش جەخت لەسەر خستنە خوارەوەی کۆپتەرێکی تورکی دەکاتەوە .

**ئەلسەفیر**

رۆژنامەی ئەلسەفیریش 25–2 گوتیەتی  سوپای تورکیا شەرێکی سەخت دەکەن لەگەل شەرکەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە دەیانی تێدا کوژراوە. هەردوو لا رایان گەیاندووە کەبەدەیان کەس لەهەردوولا کوژراون .سوپای تورکیا گوتی کۆپتەرێکی کەوتووەو پارتی کرێکاران گوتیەتی ئێمە خستومانە .یاخیبووەکان داوایان لەگەنجانی کورد کردووە دەست بەکاری توندو تیژی لەشارەکانی تورکیا بکەن، دژی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا .

**پەیامنێر**

پەیامنێریش وەکو ناوەندێکی هەوال بڵاوی کردۆتەوە کە:

لە بۆردومانەکاندا مادەیەکی بەکارهێناوە خەڵک و ئاژەڵانی تووشی نەخۆشی کردووە تورکیا – PNAگوتەبێژی بە ناوی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری لقی هەولێر لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست (ئاژانسی پەیامنێر) گەیشتووە، تیایدا ئاشکرایکردووە کە سوپای تورکیا لە بۆردومانەکانیاندا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان جۆرە مادەیەکیان بەکارهێناوە کە هاوڵاتیانی ناوچە بۆردومانکراوەکان و ئاژەڵەکانیان بەهۆی ئەو مادەیە نەخۆش کەوتوون .

کوردستانی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری چەند گوندێکیان بە چڕی بۆردومان کرد – PNAئیسماعیل تاهیر / دهۆک – ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری ناوچە شاخاوییەکانی نێروە رێکان فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەعات سنووری چەند گوندێکیان بە چڕی بۆردومان کرد .

سەرچاوەیەک لە فەرماندەیی هێزی زێرەڤانی دهۆک کە نەویست ناوی ئاشکرابکرێت تایبەت بە "ئاژانسی پەیامنێر" ئاشکرایکرد کە سەعات 4ی ئێوارە سێ فرۆکەی جەنگی سوپای تورکیا بۆ ماوەی نزیکەی 45 خولەک سنووری گوندەکانی "دهیک، پێباکرێ، کارا، شاجا، بیزەلێ، چیای کۆرەجا و چەند ناوچەیەکی دیکەیان بە چڕی بۆردومانکرد و دڵەراوکێیەکی زۆریان لە ناو هاوڵاتیانی گوندنیشنی سنوورەکە بلاوکردۆتەوە. سەرچاوەکە ئاماژەیدا کە هەر سێ فرۆکە جەنگییەکە نزیکەی 25 رۆکێتیان ئاراستەی ناوچەکان کردووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هاتووچۆی خەڵکێکی زۆر پەکی کەوتووە بەهۆی وێرانکردنی هەر چوار پردی "مارک، سیدا، چەمچێ، چەمێ مێشوو" کە لە ئەنجامی بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە سێ رۆژی رابردوو وێرانکران. سەرۆکی حکومەتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا کردووە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکرێت .

**ئوستراليا**

حکومەتی ئوسترالیاش داوای لەتورکیا کوردووە کە بەزوترین کات هێزەکانی لەهەرێمی کوردستان بکێشێتەوە .

**ئاوێنە**

ئاوێنەش لە پەیوەندی بەم هەوالانە ئەمرۆ دوشەممە ئەم سەردێرانەی تێدا دەخوێنرێتەوە.  تورکیا دان بە کوژرانی 15 سەربازو کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرێکدا دەنێت.

بازرانی نامەیەک ئاراستەی جۆرج بۆش دەکات.

لیژنەی شکاندنی ئابلوقەی راگەیاندن یاداشتێک دەدەنە پەرلەمانی کوردستان.

پێکدادانی سوپای تورکیاو چەکدارانی پەکەکە لە زاخۆ دەستی پێکردووە .

**هاوولاتی**

هاوولاتیش ئەم دوو هەوالەی تێدا بەرچاو دەکەوێت:

پەکەکە کۆپتەرێکی خستە خوارەوە.

لەیلا زانا داوا دەکات تالەبانی بانگهێشتەکەی گول رەتبکاتەوە .

**خەبات**

رۆژنامەی خەباتیش لەپەیوەندی بەهێرشەکانی تورکیا چەند هەوالێکی تێدایە کەئەمە ناوو نیشانەکانیانە: جەنابی سەرۆک بارزانی نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک بوش کردووەو داوای تەدەخولی لێ کردووە بۆ راگرتنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

بۆ تاوتوکردنی دەستدرێژییەکانی تورکیا دوو سبەی پەرلەمانی کوردستان کۆ دەبێتەوە.

وەزیری بەرگری ئەمەریکا داوای چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەتورکیا دەکات.

مالکی وهاشمی لەبارەی هێرشەکانی تورکیا رێوشوێنی تایبەت دەگرنە بەر.

تورکیا گوندەکانی سەر بە ئامێدی تۆپباران دەکات وپەکەکەش هەرەشەی گواستنەوەی شەر بۆ نێو تورکیا دەکات.
عومەر موسا: پێویستە تورکیا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی بهێنێت .

**کوردستانی نوێ**

کوردستانی نوێش لەم بارەوە چەند هەوالێکی تێدا بلاوکراوەتەوە، کە سەردێرەکانیان ئەمانەیە:

ناوچەی سیدەکان تارادەیەک ئارامەو چالاکی زەمینی و ئاسمانی نەبووە.

نارەزاییەکانی حکومەتی عێراق بەردەوامن.

نێرەو رێکان هێرس ودژە هێرش.

لەمبارەوە لە هەوالە تایبەتیەکەی کوردستانی نێدا هاتووە :بپێی زانیارییەکان سەرچاوەیەکی هەوالّی تایبەت بە PUKmediaی راگەیاند بەدرێژایی ئەمرۆ 2/24 تاکاتی ئامادەکردنی ئەم هەوالە لەناوچەی نێروەو رێکانی سەربەقەزای ئامێدی شەڕ بەخەستی بەردەوامەو لەوناوچەیەشدا سەربازەکانی لەشکری تورکیا تاگوندی (وەرخەل) هاتوون و ئێستا لەقولایی 25 کلم لەناوخاکی عیراقدا جێگیربوون، لەم هاتنەناوەی سوپای توركدا گوندەکانی شامکێ، سنجێ، زێوکێ، سێرنی، بێزەلێ، سپیندارە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆلّی سوپای تورکیاوە

.

سەرچاوەکەی PUKmedia وتیشی: بەدرێژایی ئەمڕۆ یەکشەممە لەچیای ڕەش شەڕوپێکدادانی توند روویانداوەو هێرش و دژە هێرش لەهەردوولاوە بەردەوامبووەو تاکاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە شەڕوپێکدادانەکان بەردەوامن. هاوکات لەگەل هێرشەکانی تورکیادا. جموجۆلی بازرگانی وهاتووچۆی هاوولاتیان لەنێوان تورکیاو هەرێمدا ئاساییە.